له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# پوختەیەك

## له بیروباوەڕ و پاك وخاوێنی ونوێژ

**نوسینی:**

دایكی عبدالرحمن

**پێداچوونەوەی:**

مامۆستا ئاكۆ محمد عبدالله

پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی ئەندازیاران – كەلار

**چاپی پێنجەم**

١٤٣٦ كۆچی ٢٠١٥ له دایكبوون

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

**ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## ♦ پێشەکی نوسەر

إنَّ الحمدَ لله نحمدُهُ ونستعينُهُ ونستغفرُهُ، ونعوذُ بالله مِنْ شرورِ أنفسِنا، ومِنْ سيئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضلَّ لهُ، ومَنْ يضللِ فلا هاديَ لهُ، وأشهد أنْ لا إلهَ إلَّا اللهُ، وحدَهُ لا شريكَ لهُ، وأشهدُ أنَّ محمداً عبدُهُ ورسولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾

[آل عمران]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾

[النساء:]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾

[الأحزاب]

أمَّا بعدُ: فإنَّ خيرَ الحديثِ كلامُ الله، وخيرَ الهدْيِ هدْيُ محمَّدٍ ﷺ، وشرَّ الأمورِ محدثاتُها وكلَّ محدثةٍ بدعةٌ وكل ّبدعةٍ ضلالةٌ وكلَّ ضلالةٍ في النارِ.

خوێنەری بەڕێز ئەم كتێبە بریتیە لە كورتەیەكی گرنگ لە بیروباوەڕ وپاك وخاوێنی وچونێتی دەست نوێژ وبانگ وقامەت وچونێتی نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ وزیكرەكانی دوای نوێژ وهەندێك زانستی بەسودی تر، وهەموو بە شێوەیەكی كورت نوسراون، وبەشی بیروباوەڕەكەی بە تایبەتی بە شێوەی پرسیار و وەلاّم نوسراوەتەوە بۆ ئەوەی لەبەركردنیان ولێ تێگەشتنیان ئاسان بێت، وفێرخوازانی سەرەتایی سودی لێ وەربگرن، وهەموو ئەم زانستانەی ئەم كتێبە -إن شاء الله- بە پێی بەڵگەی قورئان وفەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ نوسراوەتەوە ولەسەر ڕێرەوی پێشینان ووپێشەوایانی ئەم ئوممەتە خوایان لێ ڕازی بێت.

داواكارم لەخوای گەورە δ سود بەخش وبەبەرەكەتی بكات، والحمد لله رب العالمين.

# بەشی

# بیروباوەڕ

## بیروباوەڕ (العقیدة)

### • پ١/ بۆچی خوای گەورە ئێمەی دروست کردووە؟

و/ خوای گەورە ئێمەی دروست کردووە بۆ

ئەوەی بیپەرستین و هیچ شتێك نەکەین بە هاوبەشی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦].

واتا: جنۆکە ومرۆڤم دروست نەکردووە بۆ هیچ مەبەستێك تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت.

### • پ٢/ بۆچی خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە؟

و/ خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ بانگ کردنی خەڵکی بۆ پەرستنی خوای گەورە بە تەنها, و نەهێشتنی هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّـٰغُوتَ﴾ [النحل: ٣٦].

واتا: بێ گومان بۆ هەموو ئومەتێك پێغەمبەرێكمان ناردووە, بە ئومەتەكەی خۆی بڵێت خوای گەورە بپەرستن بەتەنها, وە واز بێنن لە پەرستنی تاغوت.

پێغـەمبـەر ﷺ دەفـەرمـوێت: «الأنبياء ُ إخوَةٌ مِن عَلات وأُمَّهـاتـهُم شتَّى وَدِينُهُم وَاحِد»(١).

واتا: پێغـەمبەران بران لە باوكەوە و دایكیان جیاوازە واتە: ئایین و بیروباوەڕیان یەك شتە.

## پ٣/ پێغەمبەران كێن؟

و/ پێغەمبەر بەو كەسە دەوترێت كە خوای گەورە سروشی (الوحی)ی بۆ دەنێرێت, بۆئەوەی خەڵكی لە بێباوەڕی دەربكات، نمونەی:

١– پێغەمبەر نوح عليه السلام كە یەكەمین پێغەمبەری نێردراو بوە.

٢– پێغەمبەر هود عليه السلام.

(١) رواه البخاري برقم: (٣٤٤٣)، ومسلم برقم: (٦٢٨١).

٣- پێغەمبەر صالح عليه السلام.

٤- پێغەمبەر إبراهيم عليه السلام.

٥- پێغەمبەر إسماعيل عليه السلام.

٦- پێغەمبەر إسحاق عليه السلام.

٧- پێغەمبەر موسى عليه السلام.

٨- پێغەمبەر یونس عليه السلام.

٩- پێغەمبەر أیوب عليه السلام.

١٠- پێغەمبەر (محمد)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عبد المطلب)ی کوڕی (هاشم)ی کوڕی (عبد مناف)ی قورەیشییە کە کۆتا پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم.

## ● پ٤/ بەتاك دانانی خوای گەورە لە پەروەردگارێتیدا چییە؟

و/ بریتیە لە بە تەنیا دانانی خوای گەورە لە کردەوەکانی. یان بلێ:

بە تەنیا دانانی خوا لە دروستکردن وبەڕێوەبردن خاوەن دارێتیدا.

**• پ٥/ بەتاك دانانی خوای گەورە لە پەرستندا چییە؟**

و/ بریتیە لـەوەی کە تەنها (اللّٰه) بپەرستیت،

وتەنها ئەو بەشایستەی پەرستن بزانیت.

**• پ٦/ پەرەستن چییە؟**

و/ پەرەستن بریتیە لەو کردار وگوفتارانەی کە خوای گەورە پێی خۆشە وپێیان ڕازیە, ئاشکرا بن یان دەروونی، نمونەی پاڕانەوە ونوێژکردن وکوڕنوش وئاژەڵ سەربڕین ولێ ترسان وئومێد پێ بوون وپشت پێ بەستن وشتانی تر.

**• پ٧/ واتای (لا إله إلا الله) چییە؟**

و/ مانای ئەوەیە: هیچ پەرستراوێك نییە کە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە.

## • پ٨/ هاوبەش بڕیاردان چەند جۆرە؟

و/ هاوبەش بڕیاردان دوو جۆرە:

♦ **یەکەم:** هاوبەش بڕیاردانی گەورە (الشرك الأكبر).

هاوبەش بڕیاردانی گەورە بریتیە لە ئەنجامدانی جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستن بۆ جگە لە خوای گەورە, وەکو پاڕانەوە, و سەربڕینی حەیوان, وکوڕنوش بردن بۆ جگە لەخوای گەورە، وسورانەوە بەدەوری قەبردا.

♦ **دووەم/** هاوبەش بڕیاردانی بچووك (الشرك الأصغر)

وەکو ڕوپامای کردن (الرياء ), وسوێند خواردن بـە

جگە لە خوا وجگە لە سیفەتەکانی, وهەڵواسینی موورگ ودەزوو وەکو هۆکارێك بۆ شیفا وپاراستن لە چاو ووتنی ئەگەر خواو فلاَن ویستی لێ بێت, وهاوشێوەکانی.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: «إنَّ أخوَفُ مَا أَخَافُ عليكم الشَّركُ الأصغر:الرَّياء»[١].

---

(١) رواه أحمد برقم: (٢٣٥٢١)، وصححه الألباني في الصحيحة برقم: (٩٥١).

واتا: ترسناك ترین شت لەوانەی بترسم توشتان بێت هاوبەش بڕیاردانی بچووکە: کە بریتییە لە ڕیاکردن. پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: «لا تقولوا ما شاءَ اللهُ وشاءَ فلانٌ ولكنْ قولوا :ما شاءَ اللهُ ثمَّ شاءَ فُلان»[1] واتا: مەڵێن ئەگەر خوا وفلاَن کەس ویستی لێ بێت بەڵکو بڵێن خوا ویستی لێ بێت پاشان فلاَن کەس.

هەروەها دەفەرمووێت: «من حَلَفَ بِغير الله فقد أشرك»[2].

واتا: کەسێك سوێند بە جگە لە خوا بخوات ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە.

## • پ٩/ زیانەکانی هاوبەش بڕیاردانی گەورە چیە؟

و/ هاوبەش بڕیاردانی گەورە دەبێتە هۆی مانەوەی هەمیشەیی لە دۆزەخدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ﴾ [المائدة: ٧٢].

---

(١) رواه أحمد برقم: (٢٣٦٥٤)، وأبو داود برقم: (٤٩٨٠)، وصححه الألباني في الصحيحة برقم: (١٣٧).

(٢) رواه الترمذي برقم: (١٥٣٥)، وصححه الألباني في الصحيحة برقم: (٢٠٤٢).

واتا: هەرکەسێك شەریك بو خوا بڕیار بدات ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات، وبە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، ستەمکاران هیچ سەرخەر وپشتێکیان نابێت.

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «وَمَنْ لَقِيَ اللهَ يُشْرِكُ بِهِ شَيئاً دَخَلَ النَّار»[1].

واتا: هەرکەسێك بگات بەخوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا هاوبەشێکی بۆ خوا دانابێت ئەوا دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە.

- **پ١٠/ ئایا کردەوەی چاك هیچ سوودی هەیە لەگەڵ هاوبەش بڕیارداندا؟**

و/ کردەوەی چاك سوودی نیە لەگەڵ هاوبەش بڕیارداندا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [الزمر: ٦٥].

---

(١) رواه مسلم برقم: (٢٨٠).

واتا: سروش بۆ تۆ وپێغەمبەرانی پێش تۆش هاتووە ئەگەر هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدەیت ئەوا کردەوە چاکەکانت پوچەڵ دەبنەوە ووەرناگیرێن.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «قال الله تعالى: أنا أغنى الشُّركاء عن الشِّرك؛ مَنْ عَمِلَ عملاً أَشْرَكَ معيَ فيهِ غيرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ»[١].

واتا: من لە هەموو شەریکەکان (کە پێویستیان

بە شەریکی تر نییە ) بێ پێویست ترم، جا هەرکەسێك کردەوەیەك بکات ویەکێکی تر بکات بە هاوبەشم لەو کردەوەیەدا, ئەوا من واز لە خۆشی وکردوەکەشی دێنم (واتا: پاداشتی نادەمەوە وسزای دەدەم).

---

(١) حديث قدسي، رواه مسلم برقم: (٧٦٦٦).

**• پ١١/ ئایا دروستە داوای فریاكەوتن بكەین لە مردووەكان و ئەوانەی ئامادەنین و لێمانەوە دیار نین؟**

و/ دروست نیە وشەریك بڕیاردانە داوای فریاكەوتنیان لێ ناكەین بەڵكو داوای فریاكەوتن تەنها لەخوای گەورە دەكەین, خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ﴾ [الأنفال: ٩].

واتـــا: كـاتێـك داوای فـریاكـەوتـنـتـان كـرد لـە پەروەردگارتان ئەویش وەڵامی دانەوە و فریاتان كەوت.

**• پ١٢/ ئایا دروستە داوای یارمەتی كردن لە مردوو ونادیارەكان؟**

و/ نەخێر دروست نیە, خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ واتا: خوایە ئێمە بە تەنها تۆ دەپەرستین وتەنهاداوای یارمەتی لە تۆ دەكەین.

**• پ١٣/ ئایا داوای یارمەتی لە زیندووەکان بکەین؟**

و/ بەڵێ بەلاّم لەو شتانەی کە لە تواناياندایە نەك لە تایبەتمەندیەکانی خوای گەورە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ﴾ [المائدة: ٢].

واتا: یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر چاکەکاری و تەقوای خوا.

**• پ١٤/ ئایا دروستە نەزر کردن بۆ جگە لە خوا ی گەورە؟**

و/ نـەزر کردن دروسـت نییە تەنیا بـۆ خوا نەبێت، چونکە نەزر کردن پەرستنە وپەرەستنیش تەنها مافی خوایە، خوای گەورە لە پێناسەی خەڵکی بەهەشتدا دەفەرموێت: ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ﴾ [الإنسان: ٧].

واتا: نەزرەکانیان بەسەر دەبن، وئەنجامی دەدەن.

## • پ١٥/ ئایا دروستە سەر بڕین بۆ جگە لە خوا؟

و/ دروست نیە، بەلگەش خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾ [الأنعام: ١٦٢-١٦٣].

واتا: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: نوێژەكانم و سەربڕین وژیان ومردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە هیچ هاوبەشێكی نییە وبەو شێوەیە فەرمانم پێ كراوە, وە من یەكەمین موسڵمانم لەم ئوممەتەدا.

﴿وَنُسُكِي﴾: حەیوان سەربڕینم.

## • پ١٦/ ئایا دروستە سوڕانەوە بەدەوری جگە لە كەعبە

و/ دروست نیە سوڕانەوە بەدەوری قەبردا شەریك بڕیاردانە وپەرستنی خاوەن قەبرەكەیە.

**• پ١٧/ حوكمی سحر و جادوو كردن چییە؟**

و/ سحر وجادوو كردن بێ باوەڕییە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ﴾ [البقرة: ١٠٢].

واتا: بەڕاستی شەیتانەكان (لە جنۆكە ومرۆڤ) بێباوەڕ بوون بە هۆی ئەوەی خەڵكیان فێری جادوو دەكرد.

**• پ١٨/ ئایا هیچ كەسێك غەیب دەزانێت؟**

و/ هیچ كەسێك غەیب نازانێت جگە لە خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ﴾ [النمل: ٦٥].

واتا: بڵێ هیچ یەكێك لە زەوی وئاسمانەكاندا غەیب نازانێت جگە لە (الله).

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «لاَ يَعْلَمُ الغَيْبَ إلَّا الله»[١].

واتا: هیچ کەسێك غەیب نازانێت جگە لە خوای گەورە.

## • پ١٩/ ئایا زێدەڕەوی بکەین لە پێگە وپلەی پێغەمبەردا ﷺ؟

و/ نەخێر زێدەڕەوی لێ ناکەین بەڵکو ئەو پلەی بۆ دادەنەین کە خوا بۆی دیاری کردووە: پێغەمبەری خوایە وخۆشەویست وڕێبەرمانە بەڵام نابێ بیپەرستین یان تایبەتمەندیەکانی خوای پێ بدرێ ، خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ﴾ [الكهف: ١١٠].

واتا: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ من تەنیا مرۆڤم وەکو ئێوە, بەڵام من (وەحی) سروشم بۆ دێت لەلایەن خواوە, کە پەرستراوی ئێوە تەنیا یەك پەرستراوە ئەویش خوای گەورەیە.

---

(١) رواه البخاري برقم: (٧٣٨٠).

**• پ ٢٠/ خوای گەورە لە كوێیە؟**

و/ خوای گەورە لەسەر عەرشە لە سەرو هەموو ئاسمانەكانەوە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ [طه: ٥].

واتا: خوای میهرەبان بەرزبووەتەوە بەسەر عەرشدا. پێشانان (سەلەف) بەم شێوەیە تەفسیریان كردوە.

**• پ ٢١/ ئایا خوای گەورە لەگەڵماندایە؟**

و/ خوای گەورە لە گەڵماندایە ئاگای لێمانە، ووتەكانمان دەبیستێت و دەمان بینێت.

❁ ❁ ❁

**• پ٢٢/ کێ خوای گەورەی دروست کردووە؟**

و/ ئەگەر شەیتان دڵەڕاوکە بۆ دروست کردیت بەم پرسیارە ئەوا پەنا بگرە بە خوای گەورە ، واتە بڵێ: **(أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)** پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «**اللهمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلاَ شَيْءَ قَبْلَكَ**»[1].

واتا: خوایە تۆ هەر بووی و هیچ شتێك لە پێشت نەبووە.

**• پ٢٣/ پایەکانی ئیسلام چەند دانەن و چین؟**

و/ پایەکانی ئیسلام پێنج دانەن, وئەمانەن:

١- شایەتی دان بە **(لا إلة إلا اللهأ محمَّد رسول الله)**.

٢- کردنی نوێژە فەرزەکان.

٣- گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.

٤- زەکات دان.

---

(١) رواه مسلم برقم: (٧٠٦٤).

٥- حەج كردنی ماڵی خوا (كەعبەی پیرۆز).

**● پ٢٤/ پایەكانی باوەڕ چەند دانەن و چین؟**

و/ پایەكانی باوەڕ شەش دانەن, ئەمانەن:

١- باوەڕبوون بە خوا.

٢- باوەڕبوون بە فریشتەكان **(الملائكة)**.

٣- باوەڕبوون بە كتێبەكان, وەكو تەورات وئینجیل وقورئانی پیرۆز.

٤- باوەڕبوون بە پێغەمبەران.

٥- باوەڕبوون بە رۆژی دوای.

٦- باوەڕبوون بە قەدەر (واتا: باوەڕت هەبێت هەموو شتێك بە قەدەری خوایە, ئیتر ئەو شتە باش بێت یان خراپ).

**● پ٢٥/ چۆن خوای گەورە بپەرستین؟**

و/ بەو شێوەی خـوا و پێغەمـبەری خوا ﷺ

فەرمانی پێ كردوین.

**• پ٢٦/ ئایا خوای گەورە بپەرستین لەترسی سزاكانی و بەتەمای بەهەشتەوە؟**

و/ بەڵێ بەو شێوەیە دەیپەرستین, خوا فەرمان دەكات بەبەندەكانی ودەفەرموێت: ﴿وَٱدۡعُوهُ خَوۡفًا وَطَمَعًا﴾ [الأعراف: ٥٦]

واتا: خوای گەورە بپەرستن لە ترسی سزاكانی وبە تەمای بەهەشت وپاداشتەكانی.

**• پ٢٧/ چاكە چیە لە پەرستندا (الإحسان في العبادة)؟**

و/ چاكە لە پەرستندا ئەوەیە لە كاتی پەرەستندا ئاگات لای خوای گەورە بێت وەكو ئەوەی ببینیت پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: **«الإحسانُ أنْ تعبدَ الله كأنَّك تراه، فإنْ لم تكنْ تراه فإنَّهُ يراكَ»**[١]. واتا: چاكە ئەوەیە بە شێوەیەك خوا بپەرستیت وەكو ئەوەی ببینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەو تۆ دەبینێت.

---

(١) رواه البخاري برقم: (٥١)، ومسلم برقم: (١٠٢).

• **پ٢٨/ مەرجەكانی وەرگرتنی كردەوە چین؟**

و/ مەرجەكانی وەرگرتنی كردەوە لای خوای گەورە سێ مەرجن:

١- بڕوابوون بەخوای گەورە وبەتاك دانانی.

٢- دڵسۆزی و نیەت پاكی كە بریتیە لە پەرستنی خوا بەبێ ڕووپامایی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱدۡعُوهُ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ [غافر: ٦٥].

واتا: بپاڕێنەوە لە خوا، و با پەرستن و پاڕانەوەكانتان تەنها بۆ خوا بێت.

٣- كردەوەكە بە پێی ئەو بەرنامەیە بێت كە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی (واتە قورئان وسوننەت).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ﴾ [الحشر: ٧].

واتــا: هەر شتێك پێغەمبەری خوا بۆی هێنـاون وفەرمانی پیٚ كردوون وەری گرن, وە هـەرچـی لـیٚ قـەدەغـەكردون ئـەوا لـیٚ ی دوور بكەونەوە.

پێغەمبەر دەفەرموێت: «مَن عَمَلَ عَمَلا لَيس عَلَيْهِ أمْرُنَا فَهُو ردٌّ»[١].

واتە هەركەسێك هەر كردەوەیەك بكات وفـەرمانی ئێمـەی لەسـەر نـەبێـت ئـەوا لـیٚ ی وەرناگیرێت وڕەد دەكرێتە.

## ● پ٢٩/ بۆچی خوای گەورە قورئانی دابەزاندووە؟

و/ خـوای گـەورە قـورئانی دابەزاندووە بۆئەوەی باوەڕی پیٚ بكەین و كار پیٚ بكەین , خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ [الأعراف: ٣].

واتا: شوێنی ئەوە بكەون كە بۆتان دابەزیوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە.

---

(١) رواه مسلم برقم: (٤٥٩٠).

**• پ٣٠/ ئایا تەنها قورئانمان بەسەو پێویستیمان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ نیە؟**

و/ تەنها قورئان بەس نیە و فەرموودەش پێویستە, خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُواْ﴾ [الحشر: ٧].

واتا: ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی هێناون وفەرمانی پێ کردوون وەری بگرن, وئەوەشی لێ قەدەغە کردوون وازی لێ بێنن.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «عَلَيكُم بِسُنتي وَسُنَّةِ الخلفاء الرَّاشِدينَ المَهْدِيِّينَ تَمَسَّكُوا بِها»(١).

واتا: دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی ئەو جێنشینانەی کە لە سەر حەقن و ڕێنمایی کراون, بەدەستی پێوەبگرن .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «تَرَكتُ فِيكُمْ أمرَين لَنْ تَضِلُوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِما: كِتَابَ اللهِ وسُنَّةَ رَسُولِهِ»(١).

---

(١) رواه أبو داود برقم: (٤٦٠٧)، وصححه الألباني في الصحيحة برقم: (٢٧٣٥).

واتا: دوو شتم جێ هێشتووە لە ناوتاندا گومڕا نابن ئەوەندەی دەستیان پێوە بگرن: ئەویش قورئانەکەی خوا وسوننەتەکانی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ.

**• پ ٣١/ چۆن خوا و پێغەمبەری خوامان ﷺ خۆش بوویت؟**

و/ خوا وپێغەمبەری خوامان ﷺ خۆش دەوێت بە گوێ ڕایەڵی کردنیان و شوێن کەوتنی فەرمانەکانیان.

**• پ ٣٢/ بیدعە لە دیندا چیە؟**

و/ بیدعە لە دیندا بریتییە لە هەر کردەوەو وتەیەك بەناوی دینەوە بکرێت و بەڵگەی شەرعی لەسەر نەبێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «مَنْ أحدث فِي أمرِنا هَذا مَا لَيس مِنهُ فَهُو ردٌ»[٢].

واتا: هەر کەسێك شتێك دابهێنێت لەم دینەماندا کە تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە.

---

(١) رواه مالك في الموطأ برقم: (١٨٧٤)، وحسنه الألباني في الصحيحة برقم: (١٧٦١).

(٢) رواه البخاري برقم: (٢٦٩٧).

# بــەشــی

# پــاك وخــاوێــنــی

## پاك و خاوێنی (الطهارة)

### • ئادابەكانی چوونە سەر ئاو

١- موسڵمان دەبێت پاك و خاوێن بێت, ودوای سەر ئاو كردن خۆی پاك بكاتەوە, خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ﴾ [التوبة: ١٠٨].

واتا: خوای گەورە ئەو كەسانەی خۆش دەوێت كە خۆیان پاك دەكەنەوە.

٢- لەكاتی چوونە سەر ئاو نابێت ڕوو لە قیبلە بێت وە ناش بێت پشت لە قیبلە بێت.

٣- موسڵمان لەكاتی چوونە سەر ئاو بە پێی چەپ دەچێتە ژوورەوە, وبە پێی ڕاست دەردەچێت.

٤- پێش چوونە ژوورەوە دەڵێت «بسم الله»[١],

«اللهم إنِّي أعوذُ بك مِنَ الخُبْثِ والخَبائِث»[١].

(١) رواه ابن ماجه برقم: (٢٩٧)، وصححه الألباني في الإرواء برقم: (٥٠).

واتا: بە ناوی خوا, خوایە پەنات پێ دەگرم لە شەیتانی نێر و مێ.

٥- بە دەستی چەپ تارات دەگرێت، (واتا: بەدەستی چەپ خۆی پاك دەكاتەوە).

٦- لەكاتی دەرچوون دەڵێت «غُفْرَانَكَ»(٢).

واتا: خوایە لێم خۆشبە.

عن ابنِ عبَّاس K قال: «**أَنَّ النبي ﷺ مَرَّ بقبرين فقال إِنَّهُما لَيُعَذَّبَان وَمَا يُعذَّبان فِي كَبِيرٍ أَمَّا أَحَدُهُما فَكَانَ لاَ يَسْتَنْزِهُ مِنَ بَوْلِهِ وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمشِي بَيْنَ الناسِ بِالنَّميمة**»(٣).

واتا: پێغەمبەر ﷺ بەلای دوو گۆردا ڕۆشت و فەرمووی هەردووكیان ئێستا سزا دەدرێن, وە سزاش نادرێن لەبەر شتێكی گەورە, یەكێكیان

---

(١) رواه البخاري برقم: (١٤٢).

(٢) رواه أبو داود برقم: (٣٠)، وابن ماجه برقم: (٣٠٠)، وصححه الألباني في الإرواء: (٥٢).

(٣) رواه البخاري برقم: (١١٦)، ومسلم برقم: (٧٠٣).

خۆی پاك ڕانەدەگرت (خۆی نە دەپاراست) لە میزەکەی, وە ئەوەی تریان قسەی لە نێوان خەڵکدا دەهێنا ودەبرد.

❁ ❁ ❁

## • دەست نوێژگرتن

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ﴾ [المائدة: ٦].

واتا: ئەی بڕواداران ئەگەر هەستان بۆ نوێژ, ئەوا ڕوومەتتان بشۆن لەگەڵ هەردوو دەستان تاکو ئانیشکەکان , ودەستیش بهێنن بەسەرتاندا , وقاچەکانیشتان تاکوو قاپەڕەقە بشۆن.

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: «**لاَ تُقْبَلُ صلاةٌ بغيرِ طُهُور**»(١).

واتا: خوای گەورە نوێژی بێ دەست نوێژ وەر ناگرێت.

---

(١) رواه مسلم برقم: (٥٥٧).

١- ئەگەر هەستایت بۆ دەست نوێژ شوشتن دەبێت مەبەستی دەست نوێژ گرتنت هەبێت ، نەك مەبەستت خۆ پاككردنەوە یان فێنك كردنەوە بێت، ونیەت لە دڵدایە وەدروست نی یە بە زمان بیڵێیت.

٢- سەرەتا بڵێ (بسم الله)

٣- سێ جار دەستەكانت بشۆ تاوەكو مەچەك.

٤- سێ جار ئاو لە دەم وەردەدەیت (المضمضة) (غەرغەرەی پێ دەكەی).

٤- سێ جار ئاو لە لوتت وەردەدیت (الاستنشاق)، وفن دەكیت.

٥- سێ جار دەموچاوت دەشوێت.

٦- سێ جار دەستی ڕاستت تاوەكو ئانیشك دەشوێت.

٧- سێ جار دەستی چەپت تاوەكو ئانیشك دەشوێت.

٨- یەك جار بە دەستی تەڕەوە سەر و هەردوو گوێ مەسح دەكەیت.

٩- سێ جار پێی ڕاست تاوەكوو قولە پێ (قاپەڕەقە) دەشوێت.

١٠- سێ جار پێی چەپ تاوەكوو قولە پێ (قاپە ڕەقە) دەشوێت.

١١- دەبێت بەم ڕێکخستنە بێت و پێش وپاش بە ئەندامەکان نەکرێت وبەدوای یەکدا شوشتنی ئەندامەکانی دەست نوێژ ئەنجام دەدرێت بێ ئەوەی ماوەیەکی فراوان بکەوێتە نێوان شووشتنی ئەندامێك لەگەڵ ئەندامەکەی پاشیدا, سوننەتیش وایە لە هەموو ئەمانەدا بە ئەندامی ڕاست دەست پێ بکرێت.

دوای تەواو بونی دەست نوێژ دەڵێیت: «أَشهدُ أنْ لا إلهَ إلَّا اللهُ وحـده لا شـريـكَ لـهُ وأشهـدُ أنَّ محمـداً عبدُه ورسولهُ»[١].

«اللهم اجْعَلْنِي مِنَ التَّوابينَ واجْعَلْني مِنَ المُتطَهِّرين»[٢].

واتا: شایەتی دەدەم کە جگە لە (الله) هیچ شتێکی تر شایەنی پەرستن نییە, و تەنهایە وهیچ شەریکێکی نییە, وشایەتی دەدەم کە محمد ﷺ بەندە وپێغەمبەری خوایە, خوایە لە تەوبەکاران و خۆپاکەرەوەکانمان بگێڕە.

---

(١) رواه مسلم برقم: (٥٧٦).

(٢) رواه الترمذي برقم: (٥٥)، وصححه الألباني في الإرواء برقم: (٩٦).

- شێوازی بانگ

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبر اللهُ أكبرُ اللهُ أكبر

أشهدُ أنْ لا إله إلاَّ الله أشهدُ أنْ لا إلهَ إلاَّ الله

أشهدُ أنَّ محمداً رسول الله أشهدُ أنَّ محمداً رسول الله

حيَّ على الصلاة حيَّ على الصلاة

حيَّ على الفلاح حيَّ على الفلاح

الله أكبرُ اللهُ أكبر

لا إلهَ إلَّا الله

- زیکر ونزای کاتی بانگ ودوای بانگ

ئەوەی بانگ بێژ دەیڵێت بە دوایدا بیڵێرەوە, تەنها (حي على الصلاة) و (حي على الفلاح) نەبێت بە دوایدا بڵێ: (لا حولَ ولا قوةَ إلاَّ باللّه).

پاشان کاتێك بانگ تەواو بوو بە دەنگی نزم سەلاْوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدەیت, ودەڵێیت: «اللهمَّ ربَّ هذه الدعوةِ التامَّةِ والصلاةِ القائمةِ آتِ محمداً الوسيلةَ والفضيلةَ وابعثْهُ مقاماً محموداً الذي وعَدْتَهُ»(١).

❁ ❁ ❁

## • شێوازی قامەت کردن

(١) رواه البخاری برقم: (٦١٤).

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبر

أشهدُ أنْ لا إله إلاَّ الله أشهدُ أنْ محمدا رسولُ الله

حيَّ على الصلاة حيَّ على الفلاح

قدْ قامَتِ الصلاةُ قدْ قامَتِ الصلاة

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبر

لا إله إلاَّ الله

- سیواك كردن

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «لَو لا أَن أَشق على أُمتي لَأَمَرتُهُم بالسَّواكِ مع كُلِّ صلاة»[١].

واتا: ئەگەر لەسەر ئوممەتەکەم قورس نەبووایە ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد کە لە پێش هەموو نوێژێك سیواك بکەن.

❁ ❁ ❁

(١) رواه البخاري برقم: (٨٨٧)، ومسلم برقم: (٦١٢).

# بــەشــی

# نـــــوێــــــژ

نوێژ (الصلاة)

## • چەند ئاداب ومەرجێکی نوێژکردن

کە دەوەستیت بۆ ئەوەی نوێژ بکەی ئەم خالانە ڕەچاو بکە:

١- دەست نوێژ بگرە بەو شێوەیەی کە لە پێشتر باسکرا.

٢- دەبێت لەش و جل و بەرگ و جێگای نوێژکردنەکەت پاك بن و هیچ شتێکی پیسیان پێوە نەبێت وەکو میز وپیسی و ...هتد.

٣- مەبەستەکەت (نیەت) دەست نیشان بکە چ نوێژێکت مەبەستە لە دلّی خۆتدا بەبیٚ ئەوەی بە زمان بیلّێیت.

٤- سوترەیەك لە پێش خۆتەوە دابنیٚ بەئەندازەی نیو بالّ درێژ بێت.

٥- ڕوو بکە لە قیبلە, وئەگەر ڕوو لە قیبلە نەکەیت ئەوا نوێژەکەت دروست نیە.

## • حوکمی نوێژ کردن

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا﴾ [النساء: ١٠٣].

واتا: نوێژ فەرزێكی كات بۆ دیاری كراوە لەسەر باوەڕ داران.

## • چۆنیەتی نوێژ كردن

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: «صَلُّوا كما رَأَيتُموني أُصَلي»[١].

واتا: نوێژ بكەن بەو شێوازەی كە منتان دەبینی نوێژم دەكرد.

چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ بەم شێوازەی خوارەوەیە وەكو لە فەرموودەكاندا باسكراوە:

١- ڕاست بووەستە, وپاشان بڵێ: (اللهُ أكبر), ودەستەكانت بە كراوەی بەرز بكەرەوە بەئاستی شانت یان بەئاستی گوێت.

بە وتنی ئەم (اللهُ أكبر)ە نوێژ دەست پێ دەكات.

---

(١) رواه البخاري برقم: (٦٣١).

٢- پاشان دەستی ڕاستت بخەرە سەر پشتی دەستی چەپ ومەچەك وباسكت ولەسەر سنگت داینێ.

٣- تەماشای جێگای سوجدەكەت بكە, تەماشای ڕاست وچەپ وئاسمان مەكە.

٤- پاشان بڵێ: «سُبحانَكَ اللهُمَّ وبحمدِكَ وتَبارَكَ اسمُكَ وتَعالَى جَدُّكَ ولا إلهَ غيرُكَ»(١).

واتا: خوایە تۆ پاك وبێ گەردی, وستایش بۆ تۆیە, وناوەكانت پیرۆز وبەبەرەكەتە, ودەسەلآت وفەرمان وكردارەكانت بەرزن, وهیچ پەرستراوێك نیە جگە لە تۆ كە شایەنی پەرستن بێت.

٥- پاشان بڵێ: «أعوذُ باللهِ السميعِ العليمِ مِنَ الشيطانِ الرَّجيم»(٢)

واتا: پەنا دەگرم بە خوای بیسەر وزانا لە شەیتانی دەركراو ودوور خراوە.

---

(١) رواه أبوداود برقم: (٧٧٥)، وصححه الألباني في الإرواء برقم: (٣٤١).

(٢) رواه الترمذي برقم: (٢٩٢٢)، وحسن إسناده الألبانيُّ في صفة الصلاة.

٦- پاشان سورەتی فاتیحە ئایەت ئایەت بخوێنە, ولە سەر ئایەتەكان بوەستە.

## سورەتی فاتیحە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿١﴾

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾

ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤﴾

إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ ٱهْدِنَا

ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ

عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ

وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾

واتا: بەناوی خوای بەخشندەی میهربان (١) هەموو سوپاس وستایشێك شایەنی خوای پەروەردگاری جیهانیانە (٢) بەخشندەی میهرەبان (٣) خاوەنی ڕۆژی دوایە (٤) تەنها تۆ دەپەرستین, وتەنها

داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین (٥) ڕێنموییمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست و کار پێکردنی (٦) ڕێگای ئەو کەسانەی کە نیعمەتی خۆتت پێیان بەخشیوە, نەك ڕێگای ئەوانەی خەشمی تۆیان لێ گیراوە, ونەك ئەوانەی لەڕێ دەرچوون(٧).

٧- پاشان سوورەتێك یان چەند ئایەتێك لە قورئان بخوێنە, نموونەی سوورەتی ئیخلاص:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤﴾

واتا: ئەی محمد ﷺ بلێ (الله) تاك وتەنهایە (شەریك وهاوبەشی نیە)(١) (الله) ئەو خوایەیە کە خەڵکی ڕووی تێدەکەن لە کاتی پێویستیدا, وئەویش پێویستیەکانیان ئەنجام دەدات (٢) مندالّی نەبووە, لە کەسیش نەبووە (٣) هیچ شتێك هاوشێوەی ئەو نیە (٤).

٨- هەندێك بوەستە بە ئەندازەی هەناسەدانێك, ودەستەکانت بەرز بکەرەوە بۆ لای شانت یان گوێت, بڵێ: (اللهُ أکبر), وداچەمەوە بۆ ڕکوع (کوڕنوش).

٩- پاشان دەچیتە ڕکوع, واتە:پشت بچەمێنەوە, ولەپەکانت بخەرە سەر ئەژنۆکانت, و پەنجەکانت لەیەك جیابکەرەوە وەکو ئەوەی ئەژنۆکانت گرتبێت, وئانیشکەکانت لە پەراسوەکانت دوور بخەرەوە, وسەرت لە ئاستی پشتت بوەستێنە بەشێوەیەك نە لە پشتت بەرزتر بێت و نە نزم تر , وسێ جار بڵێ: (سبحَان رَبَّيَ العظيم) واتا: پاکی وبێگەردی بۆ پەروەردگاری گەورەم, هیچ نەبێت ئەوەندە لە ڕکوع بوەستە تاکوو جومگەکانت لە جوڵە دەکەون ئەگەر نا نوێژەکەت دروست نیە.

١٠- پاشان پشت ڕاست بکەرەوە ولەگەڵ ڕاست بوونەوە دەستەکانت بەرز بکەرەوە وبڵێ: (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدهُ رَبَنا لكَ الحَمد) واتا: خوای گەورە ئەو کەسە دەبیسێت کە ستایشی دەکات, پەروەردگارمان ستایشی تەواو شایەن ومافی تۆیە.

١١- پاشان بڵێ: (اللهُ أكبر) ودابچەمەوە بۆ سوجدە بردن ودەستەكانت بە كراوەیی پێش ئەژنۆكانت بخە سەر زەوی.

١٢- لەكاتی سوجدە برندندا لوت وتەوێڵ ولەپەكانت وهەردوو ئەژنۆت وسنگی پێكانت لەسەر زەوی دابنێ, وهەردوو پاژنەكانت جووت یەكتر بكە, ودەستەكانت لەئاستی گوێكانت دابنێ, وئانیشكەكانت لە زەوی دوور بخەرەوە, سێ جار بڵێ: (سُبحانَ ربِّيَ الأعلى) واتا: پاكی وبێگەردی بۆ پەروەردگاری بەرزم.

١٣- پاشان سەرت بەرز بكەرەوە وبڵێ: (اللهُ أكبر) ولەسەر پێی چەپت دابنیشەوە, وپێی ڕاستت لەسەر سنگی وپەنجەكانی بوەستێنە, ولەپەكانت بخەرە سەر ڕانت یان ئەژنۆت وبڵێ: (ربِّ اغْفرْ لي, ربِّ اغفرْ لي) واتا:پەروەردگارم لێم خۆش بە, پەروەردگارم لێم خۆش بە.

١٤- پاشان جارێكی تر بڵێ (الله أكبر) وسوجدە ببەرەوە وەكو شێوەی سوجدەی پێشوو, وسێ جار بڵێ: (سُبحان ربِّيَ الأعلى)

١٥- پاشان لە سوجدە ڕاست بەرەوە, وبڵێ: (اللهُ أكبر) ودانیشە بەو شێوەی لە نێوانی دوو سوجدەکەدا دانیشتیت, وپاشان دەستەکانت بە نوقاوی (وەکو هەویر شێل) لەسەر زەوی دابنێ ولە هەستانەوەت خۆتی بەسەردا بدە.

١٦- ئەوەی لە ڕکاتی یەکەم ئەنجامت داوە دووبارەی بکەرەوە لە ڕکاتی دووەم, وپاشان دابنیشە بەو شێوەی لە نێوان دوو سوجدەکە دانیشتیت, ودەستی ڕاستت لەسەر ڕانی ڕاستت دابنێ, وهەموو پەنجەکانت بنوقێنە جگە لە پەنجەی شایەتومان ئاماژەی پێ بکە بە ڕووی قیبلەدا, لەسەرەتای تەحیاتەوە تاوەکو هەڵدەستیت یان سەلاّم دەدەیتەوە, سەیری بکە ودەستی چەپیشت بە کراوەی بخەرە سەر ڕانی چەپت و دەست بکە بە خوێندنی تەحیات.

## تەحیات

«التّحياتُ للهِ والصلواتُ والطيباتُ السلام على النبيِّ ورحمةُ الله وبركاتُهُ السلامُ علينا وعلى عبادِ اللهِ الصالحين أشهدُ أنْ لا إله إلا اللهُ وأنَّ محمدا عبدُه ورسولُه»(١).

پاشان سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدە بەم شێوەیە:

«اللهم صلِّ على محمدٍ وعلى آل محمدٍ كما صلَّيتَ علَى إبراهيمَ وعلى آلِ إبراهيمَ إنَّك حميدٌ مجيدٌ وبارِكْ علَى محمدٍ وعلَى آلِ محمدٍ كما بارَكْتَ علَى إبراهيمَ و علَى آلِ إبراهيمَ إنَّكَ حميدٌ مجيد»(٢).

١٧- پاشان بڵێ: «اللهُمَّ إنِّي أعوذُ بِكَ مِن عذابِ جهنَّمَ ومِنْ عذابِ القبرِ ومِنْ فِتنَةِ المَحيا والمَماتِ ومِنْ شَرِّ فتنةِ المسيحِ الدَّجالِ»(٣).

---

(١) رواه البخاري برقم: (٦٢٣٠).

(٢) متفق عليه.

(٣) رواه مسلم برقم: (٥٨٨).

واتا: خودایە پەنات پێ دەگرم لە سزای جەهەننەم وسزای ناو گۆڕ ولە تاقیکردنەوەی ژیان ومردن ولە خراپەی تاقیکردنەوەی دەجال.

١٨- پاشان ڕوو بکەرە لای ڕاست وسەلام بدەرەوە بەم شێوازە «السلام عليكم ورحمةُ الله»[١]، وپاشان ڕوو بکەرە لای چەپ و بڵێ: «السلام عليكم ورحمةُ الله».

١٩- ئەگەر نوێژەکە سێ ڕکاتی بوو ئەوا دوای تەحیات خوێندن سەلام نادەیتەوە, بەڵکو هەڵدەستیت ڕکاتی سێیەم دەکەیت هەر وەکو ڕکاتی دووەم پاشان سەلام دەدەیتەوە.

٢٠- ئەگەر نوێژەکە چوار ڕکاتی بوو ئەوا لە ڕکاتی دووەم سەلام مەدەرەوە وڕکاتی سێیەمیش وەکو ڕکاتی یەکەم بکە وپاشان دانیشەوە وەکو چۆن لە نێوانی دوو سوجدەکەدا دادەنیشتیت، وپاشان هەستەوە بۆ ڕکاتی چوارەم ودەستەکانت لەسەر زەوی دابنێ وەك هەویر شێل وخۆتی بەسەردا بدە لەکاتی هەستاندا وپاشان ڕکاتی چوارەم بکە.

(١) رواه أبو داود برقم: (٩٩٦)، وصححه الألباني في الإرواء برقم: (٣٢٦).

٢١- ئەگەر هەر دوو سوجدەی ڕكاتی چوارەم تەواو بوون ئەوا دابنیشە بۆ تەحیات خوێندنی ڕكاتی چوارەم بە هەمان شێوەی دانیشتنی ڕكاتی دووەم تەنها ئەوە نەبێت پێی چەپت كە لەسەری دانیشتبووی لە تەحیاتی یەكەمدا هەندێك بیبەرە پێشەوە و لەسەر زەوی دابنیشە.

٢٢- پاشان سەلام بدەرەوە بەلای ڕاست وپاشان بەلای چەپدا.

## • زیكرەكانی پاش نوێژ

١- «أَستغفرُ الله» سیٚ جار ، «اللهُمَّ أَنتَ السلام وَمِنكَ السلام تَباركْتَ يا ذَا الجلالِ وَالإكرام» یەك جار[١].

٢- سُبحان الله (٣٣) جار

٣- الحمد لله (٣٣) جار

(١) رواه مسلم برقم: (٥٩١).

٤- اللهُ أكبر (٣٣) جار

٥- لا إلـه إلَّا الله وحـدهُ لا شريك له لهُ الملكُ ولَـهُ الحمدُ وهو على كلِّ شيءٍ قديرٌ(١).

٧- آية الكرسي: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ﴾(٢) [البقرة: ٢٥٥].

---

(١) رواه مسلم برقم: (٥٩٧).

هەر كەسێك ئەم زیكرە پاش هەموو نوێژێكی فەرز بڵێت ئەوا خوای گەورە لە تاوانەكانی خۆش دەبێت ئەگەر بەقەد كەفی دەریاش بێت.

(٢) هەر كەسێك لە پاش هەموو نوێژێكی فەرز بیخوێنێت ئەوا هیچ شتێك ڕێگری نیە لە چوونە بەهەشت تەنها مردن نەبێت.

رواه النسائى في (عمـل اليوم والليلـة برقـم: (١٠٠)، وصححـه الألباني في الصحيحة برقم: (٩٧٢).

# خشتەی
# ژمارەی ڕكاتەكانی نوێژە فەرزەكان وسوننەتەكانی پاش و پێشی

| نوێژ | سوننەتەكانی پێشی | نوێژە فەرزەكان | سوننەتەكانی پاشی |
|---|---|---|---|
| بەیانی | ٢ | ٢ | ٠ |
| نیوەڕۆ | ٢ ، ٢ | ٤ | ٢ |
| عەسر | ٠ | ٤ | ٠ |
| مەغریب | ٠ | ٣ | ٢ |
| عیشا | ٠ | ٤ | ٢ |

عَن أم حبيبةَ قالتْ: سَمِعتُ رسول الله ﷺ يَقُول: «**مَن صلَّى اثنتيْ عَشْرَةَ رَكعَة في يَوم وَليلَة بُنَي لَهُ بِهِنَّ بيْت في الجَنَّةِ**»[١].

**واتا:** هەر كەسێك دوانزە ڕكات نوێژی سوننەت بكات لە شەو ورۆژێكدا بە هۆیەوە لە بەهەشت ماڵێكی بۆ دروست دەكرێت.

(١) رواه مسلم برقم: (٧٢٨).

## دوا وتە

١- پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ﴾ [البقرة: ٢٣٨].

واتا: پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن بە تایبەتی نوێژی (عەسر) و بە ملکەچییەوە لە نوێژەکانتاندا بۆ خوا بوەستن.

٢- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «**لا تَتْرُكِ الصّلاةَ مُتَعَمِّداً فإنَّهُ مَنْ تَرَكَ الصّلاةَ مُتعَمِّدا فَقَد بَرِئَتْ مِنْهُ ذِمَّـةُ اللهِ وَرَسُولِهِ**»[١].

واتا: بە ئەنقەس واز مەهێنە لە نوێژەکانت چونکە ئەو کەسەی بە ئەنقەس واز لە نوێژەکانی بهێنێت ئەوا خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ لێی بێ بەرین واتە هیچ پەیمانێکی لەلایاندا نیە.

**وآخِرُ دَعوانا أنِ الحمدُ للهِ ربِّ العالمين**

---

(١) رواه أحمد برقم: (٢٧٩٠٨)، وصححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب برقم: (٥٧٣).